# ئیستێتیکای وەرگر
# لە پێناو تەئویلکردنێکی نوێی دەقی ئەدەبی

**عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا**

هەڵبەتە قسە کردن لە (وەرگر) لەوێوە دێت،کە خوێندنەوە کردەیەکە خۆی لە دەست لێدانی خوێنەر بۆ دەق هەڵدەگرێتەوەو ئەو دەست بۆ بردنەش لە رستێك خەون و هیواو نائومێدیو گریمانە پێکدێت، کە بێداری دەیانچنێت. کەواتە خوێندنەوەی ئەدەبی هەوڵێکە بۆ بەدواداگەڕانی ئەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوان دال و مەدلول و کار بۆ کردنەوەی حەشاردراو و نهێنیەکان دەکات، رەخنەگری بەناوبانگ (ئیسکاربیت) دوو جۆر خوێندنەوە لە یەك جیا دەکاتەوە، یەکەمیان خوێندنەوەی مەعریفی و دووەمیان خوێندنەوەی بەرکار. یەکەمیان کاری ئەدەبی تەجاوز دەکات بۆ ئەوەی درك بە بارودۆخی دەوروبەر و نیازەکانی بەرهەمهێنان بکات. کەچی دووەمیان خوێندنەوەیەکی چێژئامێزەو لە سەرسامبوونەوە رادەبێتەوە.

بەلآم وەك مەسەلەیەکی مێژوویی سەرەتای ئەو چارەسەرکردنە وەك تەئویلیکردنێکی نوێ بۆ ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە، ئەڵمانیا وەك سەرچاوەی ئەسڵی ئەو رێبازە ئەدەبییەی کە بە وەرگر ناو دەبرێت دێتە ژماردن. ئەو ولآتە لەو دوو دەیەی دواییدا بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی ئەدەبی دوو رێبازی پێناساندین، ئەو دوو رێبازەش پشت بە (خوێنەر–وەرگر) دەبەستێت، کە لە پێکهێنانی پرۆسەی پێکگەیاندن رەگەزێکی سەرەکییە.

رێبازی یەکەم خۆی لە کۆمەڵەی (نۆرمان) لە بەرلین هەڵدەگرێتەوە، ئەو کۆمەڵەیە گرنگی بە چارەسەری دەقی ئەدەبی دەدات و پشت بە ئاراستە مارکسیەکەوە دەبەستێت، پێیانوایە کە دەق و خوێنەرو خوێندنەوە هۆی بەرهەمهێنانی ئەدەبی بن. ئەو کۆمەڵەیە لە سەر ئاستی ئەو چینەی کە خوێنەر پێیەوە کاریگەرە یان بۆی دەگەڕێتەوە مامەڵە دەکات. دەق لە دیدی ئەواندا لە رەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی واقیع بە سەر نووسەردا لە دایك دەبێت.

بەلآم رێبازی دووەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بە قوتابخانەی (کۆنستانس) ناو دەبرێت، چالاکی ئەو کۆمەڵەیەی نێو کۆنستانس گرنگی بە ئیستێتیکای وەرگر و رەخنەی وەلآمدەرەوەی خوێنەر دەدەن و هەر یەك لە (هانس رۆبەرت یاوس) و (لفیگانگ ئایزەر) لە ناسراوەکانی ئەو رێبازەن، و لە رێگەی وتارە بلآوکراوەکانیانەوە هەوڵیانداوە پرەسیب و بیروباوەڕی خۆیان بناسێنن.

رەخنەگر و مێژوونووسی ئەدەبی (هانز رۆبەرت یاوس 1921–1997) کە بۆ یەکێك لە بالآترین قوتابخانەکان دەگەڕێتەوە ئەویش (کۆنستانس)ە، ئەو قوتابخانەیە بە شێوەیەکی گشتی قوتابیانی خۆی لە پەیوەندی دەلالی دەقی ئەدەبی و خوێنەرەوە هەڵدەگرێتەوەو یەکێك لە بەرهەمە بە پێزەکانی ئەو قوتابخانەیە بەرهەمێنانی چەمکی (ئیستێتیکای وەرگر)ە، کە (یاوس) لە پێناو تەئویلکردنێکی نوێی دەقی ئەدەبی بەرجەستەی کردووە، وەرگێری عەرەبی (رەشید بنحدۆ) لەگەڵ چەند وتارێکی گرنگی دیکە لە فەرەنسییەوە لە ژێر هەمان ناونیشان کردووە بە

عەرەبی و پرۆژەی نەتەوەیی بۆ تەرجەمە، کە (جابر عصفور) سەرپەرشتی دەکات لە ساڵی (2004) بە چاپی گەیاندووە.

هەڵبەتە (یاوس) بە سوود وەرگرتن لە رێبازە مەعریفیە جۆر بەجۆرەکان دێت لە رێگەی ئاوێتەبوونی داهێنەرانەی نێوان دەق وخوێنەر، یان بە مانایەکی دیکە لە رێگەی ((ماوە جوانکارییەکان))ی دنیای دەق و دنیای خوێنەر، ئەوەی جێگیرەو ئەوەی پێشبینی دەکرێت، بەرگری لە بەخششە چاوەڕێکراوەکان دەکات.

لە وتارە بە ناوبانگەکەیدا (مێژووی ئەدەبی بەو سیفەتەی کە لە رووی تیۆری ئەدەبی دەوەستێت–1970) کە بەشێکیشە لەو کتێبە دەڵێت: مێژوویی ئەدەبی پشت بەوە نابەستێت کە پێی دەڵێن (حەقیقەتەکانی ئەدەب)، بەڵکو پشت بە ئەزموونەکانی پێشووی خوێنەران و (کار)ی ئەدەبیەوە دەبەستێت. هەر بەو مانایە کاری ئەدەبی دەنگدانەوەی جیاواز لای خوێنەران دەوروژێنێت و پاشان خۆی لە ماددیەتی گوتن دەرباز دەکات و بوونی خۆی لە دنیای هاوچەرخدا پراکتیزە دەکات.

لێرەوە مێژووی ئەدەب لە پرۆسەی وەرگر و بەرهەمی جوانی لە ئاستی خوێنەر و رەخنەگر و دانەر، یان لە بەردەوامی بەرهەمی ئەدەبیدا خۆی هەڵدەگرێتەوە. بۆ ئەوەی تێگەیشتنی رابردوو شیاو بێت (یاوس) بۆ یەکخستنی رابردوو و ئێستا داوای جۆرێك لە "ئاوێتەبوونی ئاسۆکان" دەکات، ئەو جۆرەش دواجار چەمکی (ئەزموونی خوێنەر)ی لێدێتە بەرهەم، بەو مانایەش چەمکی (ئەزموونی خوێنەر) کۆی ئەو گریمانە جیاوازانە دەنوێنێت کە خوێنەران پێشبینی دەکەن، یان بە مانایەکی دیکە (ئەزموونی خوێنەر) دەکەوێتە نێوان ئاسۆی چاوەڕوانی کە کارەکە فەرزی دەکات و ئاسۆی ئەزموون کە وەرگر تەواوی دەکات. کەواتە دەشێ لێکدانەوەی تاکە خوێنەرێك بۆ بەرهەمێك بگۆڕدرێت لە راستیدا ئەو گۆڕانە لەوانەیە پەیوەندی بە کاتەوە هەبێت (کاتی خوێندنەوە)، هەروەها لەرووی مێژووییەوە خوێنەران لە نەوە جیاوازەکان و سەدە جیاوازەکاندا بە شێوەیەکی جیاواز لێکدانەوەی بەرهەم دەکەن، واتە شتی جیاواز بە خوێنەرانی سەردەمە مێژوویيە جیاوازەکان دەڵێن ئەویش لە سەر بنەمای پشت بەستن بە پێداویستییە تایبەتییەکان و دیدو بۆچوونی خودی خوێنەرانەوە.

بەو مانایەش تیۆری ((وەرگر)) قسەکردنە لەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوان پرشنگەکانی دەق و خەیاڵی خوێنەرانەوە، بەلاَم بە قەد ئەوەی لە سەر پێشبینییەکانی خوێنەر دەوەستێت، ئەوەندە گرنگی بە دەق و نووسەر نادات، بە دیوەکەی دیکەش ئەو خاڵە جیاوازانەی کە قابیلی بیروڕای جۆراوجۆرن بە شێوەیەکی بنەڕەتی خۆی لەو مەودایەدا هەڵدەگرێتەوە، کە دەکەوێتە نێوان دەق و خوێنەرەوە، وەك چۆن بۆچوونی هەڵگرانی ئەو دوو تیۆرە لە بارەی نیازو بابەتگەرایی و ناسنامەی دەق و خوێنەرو مێژووگەرایی و ئەزموون و...جۆراوجۆر دەکەونەوە.

(گادامێر) پێیوایە پرۆسەی خوێندنەوە دروستکردنی پردێکە لە نێوان (رابردوو)و (ئێستا)، هەروەها دەڵێت ئێمە کە پرۆسەی خوێندنەوە بە ئەنجام دەگەیەنین، ناتوانین لە فیکرە ئامادەو جیاوازە چەسپاوەکانی نێو رۆشنبیریمان دەرباز ببین، بەڵکو دەتوانین لەو ئاسۆ دیاریکراوە مێژووییەوە بگەینە هەندێك لە تێگەیشتن،

هەروەها دەتوانین بە هۆی ئاراستەکردنی هەندێ پرشنگ بۆ سەر دەقە کۆنەکەوە بە دەستی بهێنین. بەمجۆرە دەشێ لەساتەوەختی تێگەیشتنەوە جۆرێك لە چوونە نێو یەك لە نێوان ئاسۆی پێشبینیەکانمان و ئاسۆی نووسینی رابردوو هەبێت.

هەروەها دەڵێت ئێمە تەنها هەوڵی تێگەیشتنی ناوەرۆکی قەسیدە نادەین، بەڵکو هەوڵ دەدەین ئەو جیهانەش بە دەست بهێنین کە قەسیدەکە ئینتمای دەکات، یان دەیخاتە روو ، هەروەها ئەو باس لەو خاڵەش دەکات کە ئاسۆکانی تێدا بە ناویەکدا دەچن و تێکدەچرژێن.

بەڵام (یاوس) کە یەکێکە لە قوتابیانی، لە پەیوەندی نێوان کاری ئەدەبی و وەرگر پێ لە سەر ئەوە دادەگرێت، کە مانا نایەتەجێ، تەنها لە رێگەی پەیوەندی هاوسێیانە، یان لە رێگەی رێکەوتەوە نەبێت، ئەگەر پەیوەندی هاوسێیانە تەعبیر لە مێژووی ئاوێتەبوونی خوێنەرەکان بکات، یان تەئویلە جۆراوجۆرەکانی خوێنەرانی لەخۆدا هەڵگرتبێت و لە تێگەیشتنەوە رابێتەوە، ئەوە مانای رێکەوتئامێز لە ساتەوەختی تەئویلکردنەوە بۆ کردەی جێبەجێکردن هەنگاو دەنێت. هەڵبەتە ئەگەر ئاوێتە بوونی مێژوویی، چەمکی (ئیستێتیکای وەرگر) بەرجەستە بکات، ئەوە (تێگەیشتن) بۆ (تەفسیرکردن) و (جێبەجێکردن) کردەی پەرەسەندنی (درککردن)ی (گادامێر) یمان بیر دەهێنێتەوە.

لای (یاوس) خوێندنەوە جولەیەکی دەمەتەقێئامێزەو هەمیشە بە هۆی بەیەکگەیشتنەوە جولە دەخاتە نێوان بەرهەم و وەرگرەوە، چەمکی وەرگر لای ئەو مانایەکی دوالیزمی هەیە، خۆی لە (پێشوازیکردن) و (ئاڵوگۆڕی)دا هەڵدەگرێتەوە، لێرەدا وەرگر بە تێگەیشتنە ئیستێتیکیەکەی لەیەککاتدا دوو رەهەندی کاراو بەرکار لەخۆ دەگرێت، واتە دوو رووی هەیە، یەکێك ئەو جێکەوتەیەیە کە بەرهەمەکە لە خوێنەردا بەرهەم دەهێنێـەوە، ئەویدیکە چۆنێتی پێشوازیکردنی خوێنەرە بۆ ئەو بەرهەمە (وەڵامدانەوەی خوێنەر) ئەو پێشوازیکردنەش بە پێی خوێنەرەکان جۆراوجۆر دەکەوێتەوە، یان رەخنە لە بەرهەمەکە دەگرێت، یان ئیستهلاکی دەکات، یان پێی سەرسام دەبێت، یان تەئویلی ناوەرۆکەکەی دەکات، یان دووبارە تەفسیری دەکاتەوە، یان چێژی لێوەردەگرێت.

هەروەها مانا نوێیەکانی دەق لە ئەنجامی دوو رەگەزەوە دروست دەبن، یەکەمیان ئاسۆی چاوەڕوانی، کە کاری ئەدەبی دەیسەپێنێت. دووەمیان ئاسۆی ئەزموون، کە وەرگر تەواوی دەکات.

ئەگەر کردەی درککردن لای (گادامێر) لە میانی ساتەوەختی تێگەیشتن و تەفسیرکردن و جێبەجێکردن پەرەبسێنێت، ئەوە لای (یاوس) لە زنجیرەیەك مێژووی ئاوێتەبووەوە خۆی دیاری دەکات، ئەو ئاوێتە بوونەش رستێك تەئویلاتی جۆراو جۆر دەخاتەوەو (یاوس) بە دەستەواژەی (جوانکاری وەرگر) وەسفی دەکات. بە دیوەکەی دیکەش (ئیستێتیکای وەرگر) لەگەڵ بۆچوونە مارکسیەکان و ئەو دیدەی کە پێیوایە کەلەپوورو رۆشنبیریی بابەتێکە هەمیشە بۆ بەکارهێنان ئامادەیە ناکۆك دەکەوێتەوە.

لە لایەکی دیکە (یاوس) پێیوایە نووسینی مێژووی نوێ بۆ ئەدەب پێویستی بە (پردی تەئویلی) گادامێری هەیە، چونکە ناتوانین مێژووی هونەر بخەینە دەرەوەی مێژووی پێشوازیکردنەکانی خوێنەرانەوە، بۆیە

پێویستە لە سەرمان ئیستێتیکای بەرهەم و وێناکردنە تەقلیدییەکان لە سەر بنەڕەتی ئیستێتیکای وەرگرەوە هەڵبسەنگێنین، کەواتە مێژووی ئەدەب و هونەر هەر تەنها مێژووی بەرهەمهێنانی بابەتی ئەدەبی و هونەری نییە، بەڵکو مێژووی پێشوازیکردنە جزئیەکانی خوێنەریشە لە میانی مێژووی گشتیدا. بەو مانایە لە نووسینی مێژووی نوێوە دەکەوینە نێوان (جێکەوتەی بەرهەم) و (وەرگر)ەوە. بەڵام ناتوانین لە مێژووی وەرگر بکۆڵینەوە، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە دان بەوەدا دەنێین مانا لە دەمەتەقێی نێوان دەق و وەرگر دروست دەبێت، لەوێشەو دەگەینە ئەوەی کە کارە ئەدەبییەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو شتێك لە گوتنیان پێیە.

دەشێ بڵێین ئەو وێناکردنە تەئویلێك لە سەر گفتوگۆی نێوان ئێستاو داهاتوو دادەمەزرێنێت، دواجار ئەو درککردنە لە میانی زنجیرەیەکی مێژوویی و مێژووی کارلێك کردنەکانی ماناوە پلە پلە دەبێت، خۆی لە سێ کوچکەکەی (تێگەیشتن) (تەئویلکردن) (جێبەجێکردن)ی (گادامێری)دا دەبینێتەوە، هەر لە سەر ئەو بنەمایەش (یاوس) بەرگری لە بەخششە چاوەڕێکراوەکان دەکات، ئەو بەخششەی لە رێگەی کارلێکەری داهێنەرانەی نێوان دەق و خوێنەر دێتە بەرهەم، یان لە نێوان ئەوەی کە جێگرەو ئەوەی کە پێشبینی دەکرێت لە رێگەی مەسافە ئیستێتیکەیەکانی نێوان دنیای دەق و دنیای خوێندنەوەدا. لێرەدا (یاوس) وێناکردنێکی جیاواز بۆ چەمکی مێژووی ئەدەبی دەکێشێت، لەوێشەوە سنورێك بۆ مەعریفەی ئیستێتیکی و مەعریفەی مێژوویی دادەنێت، بەو مانایەش مێژووگەرایی بە پێی تێڕوانینی (یاوس) لە سەر پەیوەندی پتەوی نێوان دیاردە ئەدەبیەکان دروست نابێت، بەڵکو دەکەوێتە سەر پرۆسیسەکردنەکانی خوێندنەوە، کەواتە مێژوونووسی ئەدەبی بەر لەوەی لە سروشتی کارو دیاریکردنی مێژووەکەی بگات، دەبێتە خوێنەر، لە دووتوێی ئەو ناوکۆییەدا مێژووی ئەدەبی پرۆسەیەکی دەمەتەقێئامێزی نێوان بەرهەم و وەرگرە، هەروەها کاری ئەدەبی ئەو کاتە لە کارتێکردن بەردەوام دەبێت، کە بەردەوام خوێنەر پێشوازی لێبکات. بەمجۆرە گەڕانەوە بۆ (ئەزموونی خوێندنەوە) سنورێك بۆ شیانی تەئویلکردن دەسازێنێت.

لە سەر ئەو وێناکردنە، (یاوس) کار لە سەر پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەکات، کە دەکەوێتە نێوان کاری ئەدەبی و مێژووی گشتییەوە، یان نێوان مەعریفەی ئیستێتیکای و مەعریفەی مێژووییەوە، بەو مانایەش کاری ئەدەبی هەر تەنها لە رێگەی پشکنینی بەرهەمەوە ئاشکرا ناکرێت، بەڵکو لەوێوە چارەسەر دەکرێت کە پرۆسەیەکی دەمەتەقێئامێزی نێوان دەق و وەرگرەو بە لۆژیکی پرسیارو وەڵامەوە بەندە، هەڵبەتە بۆ ئەو لۆژیکە دووبارە هانا بۆ (گادامێر) دەبات، لای (گادامێر) تێگەیشتنی کاری ئەدەبی و هونەری بە تێگەیشتنی پرسیارەکەیەوە بەندە، ئەو پرسیارەی کە رووبەرووی خوێنەر دەکرێتەوە، هەروەك لای (ئایزەر)یش دەوڵەمەندی ئەدەبی کلاسیکی لەوەدایە کە بە درێژایی مێژوو یەك پرسیار، رووبەرووی خوێنەر دەکاتەوە، خوێنەریش بەو پرسیارە راهاتووەو دووچاری گرفتی بەدحاڵی بوون نایەت، کە خودی ئەو گرفت نەبوونە بۆخۆی جۆرێك لە یەکرەنگی و جۆرێك لە بنبەستبوونی پێیە، ئەوە ئەو دۆگمابوونەیە کە ئەدەبی کلاسیکی بە دەوڵەمەندبوون بە خوێنەرانی دەفرۆشێتەوە، لە بری ئەوەی بەردەوام پرسیاری نوێ تەرح بکات و گوێیان بە ئاوازێکی دیکە بلەرێنێتەوە، هەر هەمان پرسیار دەخاتەوە لە لێی راهاتوون و بۆ درککردن ئەرك و

ماندووبوونی ناوێت، بەڵام (یاوس) ئەو پەویوەندییە سەرەوژێر دەکاتەوەو وای لێدەکات کە خوێنەر هەڵگری پرسیار بێت و چاوەڕێی وەڵامی دەق بکات، بەمجۆرەش مێژووی خوێنەرەکان لە یاری دەمەتەقێئامێزە کراوەکانی پرسیارو وەڵامدایە.

(یاوس) دەڵێت: لە زۆربەی بارەکاندا پرسیارو وەڵام لە میانی مێژووی تەئویلی هەر کارێکی ئەدەبیدا بە شاراوەیی دەمێنێـەوە، کاریگەری بەرهەم و وەرگریش لە دەمەتەقێی نێوان خودی ئامادە و گوتاری رابردوودا بە یەك دەگەنەوە، ئەو گوتارە لە گوتنی ئەو شتە بەردەوام نابێت بۆ ئەو خودە، یان شتێك دەڵێت کە ئەو نییە، ئەوەش تەنها ئەو کاتە کەشف دەکرێت کە خودی ئامادە وەڵامە شاراوەکانی گوتاری رابردووی درککردبێت و بزانێت وەڵامەکەی کامەیە.

وەك ئاشکرایە (یاوس) بەو رێبازە پەیوەستە، کە بایەخ بە تێگەیشتنی دەق و مێژووگەراییەکەی دەدات، هەروەها کارەکانی یەکەمی جەخت لە نوێکردنەوەی مانای (مێژووی ئەدەبی) دەکاتەوە و وای لێدەکات دەست بە سەر کرۆکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا بگرێت. ئەو وەك رەخنەی تەقلیدی بانگەشەی ئەوە ناکات کە بۆ جەخت کردنی ژیانی دانەر و مێژووی ژیانی بگەڕێتەوە، چونکە لە جەوهەری بانگەشە رەخنەییەکەیدا هەوڵدەدات نوێنەرایەتی ئەو هاوگونجانە بکات کە دەکەوێتە نێوان دەمەتەقێی مێژووگەرای مارکسی و فۆرمالیستەکانی رووس، بەڵام لە هەمان کاتیشدا تیۆری مارکسی لە بارەی رەنگدانەوە رەت دەکاتەوە، لە بەر ئەوەی ئەو تیۆرە کاری ئەدەبی بۆ کۆپیکردنی وەزیفیانەی واقیع کورت دەکاتەوە.

سەرەڕای کەوتنە ژێر کاریگەری فۆرمالیستەکانی رووس بە تایبەتی چەمکی (دوور کەوتنەوە لە باو) کە رەخنەگری فۆرمالیستی رووسی (شکلۆفسکی) بەڵگەی بۆ دێنێتەوە، بەڵام (یاوس) جەخت لەوە دەکات کە ئەوەندە بەس نییە، چونکە (کارێکی هونەری لە مێژوودا، یان لە ئاسۆی بەرهەمهێنانی مێژووییدا بەرچاو ناکەوێت، وەك چۆن وەزیفە کۆمەڵایەتیەکەی و کاریگەرییە مێژووییەکەی چارە نەکردووە. (بەرەو تێگەیشتنی جوانی لە کردەی وەرگردا، ل18)

لە سەرەتای حەفتاکانەوە تیۆری (وەرگر) لە لایەن کۆمەڵێك رەخنەگری ئەلمانیای دیموکراسیەوە کەوتە بـەر هێرشێکی توونددەوە، ئەو دوژمنایەتیەش لە دەرئەنجامی لۆژیکیانەی رەتکردنەوەی قوتابخانـەی (وەرگـر) ی ئەلمانیای خۆرئاوا هاتە ئاراوە، کە لـە رێگـەی پـشکنینی مارکسیەتەوە نیودژییـەکانی کۆمەڵگـەی بـورژوازی دەخستە روو، ئەوانە بۆ ئاراستەکردنی هەڵمەتی رەخنە توندەکانی خۆیان (یاوس) یـان هەڵبـژارد، بـە هـۆی ئەوەی کە تیۆرەکەی ئەو لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیـدا پاڵپـشتی چـەمکی خـودێتی دەکـرد، ئـەو چـەمکەی کـە دەکەوێتە دەرەوەی تیڕوانینـی مـارکس بـۆ مێـژوو. لـە بەرجەسـتەترین رەخنـەگرانی ئـەلمانیای دیموکراسـی پێشوو (رۆبەرت فایمان) ە، کە لە کتێبەکەی (ستراکتۆر و کۆمەڵگە، لـە مێـژووی ئەدەبـدا–1976) جـەختی لەوە دەکرد کە کارەکانی (یاوس) دەبنە زیندانی رێبازی خودگەرایی پەتیی چونکە لەو بڕوایە دایـە کـە ئـەوە هوشیاری تاکەکانە بە شێوەیەکی کۆتایی مێژوو دیاری دەکـات. هـەروەها رەخنـەیان لـە (یـاوس) دەگـرت و

دەیانگوت بۆ هەڵسەنگاندنی دەق یان پرۆسەی (وەرگر) و حوکمدان بە سەریان هیچ پێوانەیەکمان ناخاتە بەر دەست.

سەرچاوەکان:

---

[i] -: محمد خرماش، النص الادبي و اشكالية القراءة و التاءويل، مجلة/ فكر و النقد المغربي- العدد 2005،67 .

[ii] - وليم راي، المعنى الادبي من الضاهيراتية الى التفكيكية، -ترجمة د. يوئيل يوسف عزيز_ ل88

[iii] - وليم راي، ه.س.ث. ل87

[iv] - المصطفى عمراني، القراءة و التاءويل بين امبرتو ايكو و فولفغانغ ايزر، مجلة/ فكر و النقد المغربي- العدد 2005،67 .

[v] - هانس روبيرت ياوس، جمالية التلقي، ترجمة: رشيد بنحدو،القاهرة،2004،ط1-ل104، 112.

[vi] - هانس روبيرت ياوس، ه.س،ث، ل123، 124